# چۆنییەتیی نووسینی وتار و توێژینەوە بە شێوازی ئاکادیمیک!

## - بەشی دووەم -

khatabs@hotmail.com
خەتاب سابیر

ئەم بەشە ، هەوڵدەدات زیاتر لەسەر چۆنییەتی نووسینی وتار بەگشتیی و وتاری سیاسیی بەتایبەتیی ڕاڤەبکات . وتار لێرەدا بەزمانی ئینگلیزیی مەبەست لە ئێسەی و ئاتیکڵ ( Article and Essay ) ە . بۆ نووسینی وتارێکی ڕێکوپێک و واتادار و پڕ بەها، نووسەر دەبێ لەهەنگاوی یەکەمدا بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دوو خاڵەدا دەکات.

1- دوورکەوتنەوە لەهەڵەی باوی نووسین. ( avoid common mistakes )

2- دابەشکردنی تەکنیکی شێواز و دەربڕینی نووسین لە ستراکتۆر ( structure ) ی سەرجەم وتارەکەدا کە خوێندنەوەیەکی موزیکیی بدات بە جوولەی ڕستەکان و پارەگرافەکان لە چوارچێوەی مەبەستی سەرەکیی بابەتەکەدا.. لەهەموو شتێک گرنگتریش ئەوەیە کە وتارەکە بۆچیی دەنووسرێ و ئەوپرسیارانە چین کە وتارەکە بەشوێن وەڵامەکانیاندا وێڵە ؟.

هەر نووسەرێک کاتێ دەیەوێ وتارێ بنووسێ لەسەر بابەتێک ، پێش هەموو شتێ دەبێت سەلیقەی بڕوابوون بەخۆ لە ناخی خۆیدا پەیدا بکات و لەخۆی ڕاببینێت کە توانای دەشکێ بەسەر بەیەکداهەڵشێلانی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و لەیەکچووەکان و هۆکارەکان و مەبەستەکان و ...هتد. ئەم هەنگاوە بەزۆرلەخۆکردن نابێت، ئەگەر کەسێک توانای داڕشتن و داڕشتنەوەی لەنووسیندا نەبێت هەرگیز ناتوانێ شتێکی باش بنووسێت . سەرکەوتووترین نووسەر ئەو نووسەرەیە کە هەمیشە بەترسەوە دەنووسێ و لە ڕەخنەی خوێنەران دەترسێ ، ئەو نووسەرانەی لەخۆیان بایین و پێیان وایە کە بوغرایی بەنووسینەکانیانەوە دەکەن ، ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ئاکایمیکی و ناوەندێکی بڕواپێکراو وتارەکانیان هەڵنەسەنگێنرابێ ، کەسانێکی نەخۆشن و بەس لای خۆیان گەورەو ناودارن .

بۆ ئەوەی خوێنەر بە سانایی لە هەنگاوەکان وردبێتەوە ، ئەم پەڕاوە بە خاڵبەندیی، هەنگاوەکان یەک بەدوای یەکدا ڕیز دەکات . دیارە ئەمە بۆ خۆی لە ئەسپێکتی مەبەستەکە کەمێک دوور دەکەوێتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە خوێنەر ئاسانتر دەتوانێ تێی بگات.

### A- هەڵبژاردنی سەردێڕ یان بابەت ( Topic ) :

- تێگەیشتن لەوەی کە سەردێڕ خوازیاری چییە؟

بۆ ئەوەی سەردێڕی ئەو نووسینەی کە نووسەر دەیەوێ بینووسێت ، لەگەڵ کرۆکی سەرجەم باسەکەدا بێتەوەیەک، پێویست ناکات پەلە بکات لەدانانی سەردێڕدا، نووسەر پێشوەخت دەبێت گەڵاڵەی ئەوە بکات کە بەتەمایە چیی بنووسێ ، بۆچیی لەسەر ئەو بابەتە دەنووسێ، لەوە بگات کە پێداویستییەکانی بابەتەکە چین ، لەهەر شوێنێکدا پێویستی بە نموونە هێنانەوە بوو ، ڕانەمێنێت و دەستەوەستان نەبێت! ئەو پرسیارانە کامانەن کە دەبێ وەڵامی پڕبەپێستی خۆیان وەربگرنەوە، هەر وتارێک نەیتوانی وەڵامی پرسیارە ئاشکراو شاراوەکانی ناو دووتوێی نووسینەکە بداتەوە ، کەمبایەخ و بێ پێز دەبێت . بەپێی برێندان هێنەسیی ( Brendan Hennessy )

بێت " زۆرترین هەڵەی باو ئەوەیە لە نووسینی وتاردا کە نەتوانرێ وەڵامی پرسیارەکان بدرێتەوە" ( Hennessy, B . 2000, p.9 )

- ساناکردنی پرسیارەکان:

کۆڵەگەیەکی تری سەردێڕ ئەوەیە کە چۆن پرسیارەکان بورووژێنرێن و سادەوساکاریش بکرێنەوە . بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی قوچەکیی لەنووکەوە بۆ بنکە دابەزن و یەک بەدوای یەکدا وەڵام وەربگرنەوە.
ئەم کۆڵەگەیە دابەشدەکرێ بەسەر سێ کاتەگۆریدا ( Categories ) :

1- لەکاتێکدا پرسیاری ناواخندار و شاراوە هەبێ ، نەک پرسیاری سەرپێیی و تیژتێپەڕ.
2- کاتێک تۆپیک لەدەوری چەند تەوەرێکی جیاجیا بخولێتەوە .
3- کاتێک گریمان ( ئەسەمپشن - Assumption ) یان گریمانگەلێک پێویستی بە ناسینەوە ( ریکۆگنایز- Recognise = Recognize ) بێت لەکاتی هێنان و بردندا لەناو نووسینەکەدا .

بەم پێودانگانەی سەرەوە بێت ، پێویستە نووسەر خۆی پرسیار بهێنێتەوە ئاراوە ئەگەر پرسیارەکان شاراوەو ژێربەژێربوون، لێرەدا نابێ دەمووچاوی نووسینەکە برازێنرێتەوە ، ئەوەندەی گفتووگۆیەکی زیندوو پێویستە بۆ لکاندنی سەردێر بەناوەڕۆکی بابەتەکەوە .

- لێکدانەوە ( Interpreting ) ی تێرمەکان ( Terms ) و ڕێنوێنییکردنیان :

بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی کلیلی تێرمەکان و ئەو توخمانەی کە پێوەندییان بە ناوەڕۆکی باسەکەوە هەیە ، ئەم سێ خاڵە پێویستە لەبەرچاو بگیردرێن .

1- کۆنسێپتەکان ( Concepts ) ، ئەم بەشە بەنووسەر دەڵێ لە چ کێڵگەیەکدا هەڵدەسووڕێت و چیی پێویستە بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە.
2- وشە ئیماژپێکراوەکان، ئەمە ڕوو لەنووسەر دەکات و پێی دەڵێ ، چیی پێوێستە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە؟، ئارگیومێنتەکان چۆن بەڕیز دەست پێدەکرێ ؟ ... هتد.
3- خاڵێکی تر ئەوەیە کە چۆن نووسەر سەری خۆی دەقەبلێنێ پێش ئەوەی نووسینەکە جڵەوی ڕێکردنی لێوەربگرێ؟ چۆن لەدەرگایەک دەدرێت و چوونە ژوورەوە مسۆگەر دەکرێ؟،هاوکات چۆن بە سەرکەوتوویی هاتنە دەرەوە زامن دەکرێ ؟ . کامانەن ئەو پرسیارانەی دەکرێ بجولێنرێن و لەشوێنێ خۆیشیدا وەڵامی روون وەربگرنەوە؟.

- داڕشتنەوەی دەق ( پارەفرەیزینگ- Paraphrasing ) :

نووسەر دەبێ توانایەکی باشی بەسەر تێکوپێکدانی رستەو بۆچوونەکانی ناو پارەگرافەکاندا بشکێ و بە ئاسانیی ئەمسەرەوسەریان پێبکات و بە شێوازی ویژەیی جیاواز جیاواز بتوانێ فانتازیا بکات بەبەر دەقێکی تری نوێ لە دەقێکی پێشتر هەڵوەشاوەوە کە بیرۆکەکەی لەشوێنی ترەوە وەرگیراوە { بەدوورکەوتنەوە لە تالانکردنی نووسینی کەسانی تر ( پلەیجەریزم- Plagiarism } ، کە بەدرێژی ئەم نووسینە دێتە سەر باسکردنی پلەیجەریزم لە بەشەکانی داهاتوودا .

- هەڵبژاردنی تۆپیکێک ( سەردێڕی بابەتەکە ) کە نووسەر بتوانێ لەگەڵیدا هەڵبکات:

ئەمە ئەو میکانیزمەیە کە هەرکەسێ بیەوێ بیر لە نووسینێک بەشێوازی ئاکادیمیکیی بکاتەوە ، پێشوەخت دەبێ ئەوەی لەلا ساغبووبێتەوە کە توانای ئامبازبوونی هەیە لەگەڵ وردەکارییەکان و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی بابەتەکە و سەرئەنجامیش بە سەرکەوتوویی لێی بێتە دەرەوە .
بەشێوەیەکی گشتیش ، وتارەکە ئۆتۆماتیکی دەبێت خۆی بدات لەم خاڵانەی خوارەوە:

1. گردکردنەوەی زانیاریی تەواو لەسەر سەردێڕی بابەتەکە.
2. پێشوەخت بوونی خوێندنەوەی رەخنەیی ( کریتیکاڵ – Critical ) و مەبەستدار لەسەر کرۆکی بابەتەکە . نووسەر دەبێ زەخیرەدار بێت ، کاتێ دەچێتە شەڕی نووسینەوە .
3. گفتوگۆیەکی ورد و شیکردنەوەیەکی ئارگیومێنتدار و گریمانی کەیسە جیاوازەکان لەبەرچاو بگیرێت .
4. گەیاندنی تیئۆرەکان و بەهێزکردنیان بە نموونەی زیندووەوە .
5. بەشدارییکرپێکردنی ( Contribution ) ئۆریجناڵی ( Original ) پێکهاتەکانی ناو وتارەکە لەگەڵ پەلوپۆی سەردێڕدا.
6. ستراکتۆری ئەو ماتێریالانەی ( Materials ) کە بڕیارە بناغەی باسەکە بن ، دەبێ زۆر بە لۆژیکانە ( لۆجیکالیی –Logically ) بەیەکەوە گرێ بدرێنەوە .

بەم شێوەیە دەردەکەوێ ، ئەگەر تێڕوانینی ( ڤیوو- View ) نووسەر لە سەردێڕەکە دووربکەوێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی کات بەفیڕۆ دەدات ، لە بابەتەکەش دوور دەکەوێتەوە و لەم پارەگرافەوە بۆ ئەو پارەگراف بازبازێن دەست پێدەکات ، لەبری چوونیەکیی و تەبایی رستەو واتاکان و مەبەستەکان .

## B- وەرگرتنی تێبینییەکان ( Taking Notes ) :

پێنج شت بەردی بناغەی ئەم خاڵەیە (Hennessy, B . 2000.p.17 )

1. دانانی خشتەیەک بۆ تۆمارکردنی سەرنج و تێبینییەکان.
2. بۆچوونە جیاوازەکان وبۆچوونە دژبەیەکەکان جیابەجیا تۆماربکرێن.
3. تۆمارکردنی فاکتەکان و بیروڕاکان .
4. ریزبەندییکردن لە تێبینییەکاندا .
5. پارەفرەیزکردن و کورتکردنەوەو دووبارە دانانەوەیان.

بۆهاتنی بیرۆکە ( Brainstorming ) لە فۆرمەڵەکردنی ئەو میتۆدانەدا کە بڕیارە شیکردنەوە بە تۆپیکەکە بدات، ئەمەش پێچکەی سەرەکیی وەرگرتنی تێبینییەکانە . نووسەر دەبێ بە هێمنیی دابنیشێ و هەموو توانای مێشکی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بیرۆکەی گرنگ و بەهاداریی بۆبێت.داینەمۆی نووسین لەکاتێکدا دەست پێدەکات کە نووسەر چەک و تفاقی تەواوی شەڕی نووسینی پێ بێت ، بیرۆکەش لەخۆیەوە هەڵناقوڵێت ، ئەگەر نووسەر پاشخانی مەعریفیی ( نۆڵیج – knowledge ) پێشوەختی نەبێ، یان لای کەم لەکاتی نووسینی وتارەکەدا کۆمەڵێ سەرچاوەی زیندوو، پێوەندداری بەباتەکە لادەست نەکەوێ .

زانستی پرۆگرام ( میتۆدۆلۆجی – Methodology ) لە زمانی نووسیندا:

زۆرکەس تووشی سەرئێشەو ئازارێکی زۆر دەبن لەچۆنییەتی دارشتن و سەرەتای نووسینی وتاردا، هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەر میتۆدۆلۆژیایەکی تۆکمەی نییە لەسەر ئەو شتەی دەینووسێت و بە گشتیش شارەزایی لە نووسیندا کەمە، بۆ ئەوەی نووسەر لەدەسپێکی وتارەکەیەوە بە سەنگێکی قورسەوە بچێتە ناو بابەتەکەوە دەبێ کەرەستە سەرەکییەکانی وتارەکەی لە هزری خۆیدا قایم کردبێت ، ئەوسا دەتوانێ بیرۆکەکانی بەرێکوپێکی دابرێژێ و فۆرمەڵەیان بکات . تازەترین میتۆدۆلۆجیی لە نووسیندا دەبێ زمانێکی ئەکتیڤ و زیندوو بەکاربهێنرێ و زانیاریی رەسەن ( Authentic ) بەسەرچاوەی بابەتەکە دابنرێت . ( Robinson, P C 1980 ,pp38-39 )

C- دۆزینەوەی باشترین رێگا :

پلان دانان بۆ نووسینی وتار دەبێ وا لەنووسەر بکات کەبەرهەمهێنەرانە بیربکاتەوە و شتی نوێ دابهێنێ و بیرۆکەی جوان و بەهێز بخاتە ناو بابەتەکەوە، کە ئەمانەش بەلای کەمەوە لەسەر سێ خاڵ کورتدەکرێنەوە .

1. بەکارهێنانی تەکنیکی بیرۆکە بۆهاتن.
2. هەڵبژاردنی ئەو بۆچوونانەی کە دەکرێ کۆنترۆڵ بکرێن .
3. یەکگرتنەوەی پلانی شۆڕبوونەوە بۆ ناو بابەتەکە لەگەڵ سەردێڕەکەدا.

D- دەستپێکردن و دەستهەڵگرتن :

چۆنییەتی دەستپێکردن بەنووسین ، چەندێک سەختیی بۆ نووسەر دەهێنێتە کایەوە، ئەوەندەش دەستهەڵگرتن سەختیی خۆی هەیە. نووسەر لە دەستپێکدا بەڵێنێک دەدات یان بابەتێک دەورووژێنێت چ بەشێوەی پرسیار بێت یان بە لێوردبوونەوە . هاوکات چۆن دەتوانێ ئەو بەڵێن و پلانەی داناوە لەکۆتاییی بابەتەکەدا خوێنەر سەرسام بکات بەوەی کە سەرنجراکێشانە بەیەکییەوە نووساندووە.

ئەم تەوەرەیەش دەکرێ بەسەر پێنج خاڵدا دابەشکرێ .

1. پێشەکییەک بە بەڵێنێکەوە یان بە وروژاندنی باسێکەوە.
2. وروژاندنی شتە سەرنجراکێشەکان بەشێوەیەکی زانخوازیی ( خۆتێهەڵقورتێنەریی ).
3. گردکردنەوەی گفتوگۆکان لە دواهەمین پارەگرافەکانی نووسینەکەدا
4. وەڵامی بنبڕ بە پرسیارەکان بدرێتەوە
5. بەجێهشتنی هەندێ شت بۆ خوێنەر کە بیری لێ بکاتەوە.

ئەم باسە درێژەی دەبێ .....

---

## References :سەرچاوەکان


Hennessy, B . 2000 “ *Writing Successful Essays*” , How to Books, Oxford.

Robinson, P C . 1980 “ *English For Specific Purpose*” , Pergamon Press , Oxford, New York, Toronto, Sydney, Paris, Frankfurt .